ڕەخنە و گومان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١ — هەمیشە دوو شت سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن کە پتر لە دیاردەیەکی ڕوخسارەکی دەچن و ئەگەر وەک پرسیار بێنە بەرچاو، سووک و ئاسان بێ، وەڵامەکەی لە خۆیدا دژوار و سەختە و بە ئاسانی یەکلایی ناکرێتەوە:

- تاکەکەسێک لەم ژیان و جیهانەدا نییە بە بەشی خۆی ڕازی بێت، کەواتە ئەم دنیایە بۆ چ کەسێک داهێنراوە؟

ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئەڵمان ئیمانوێئیل کانت لە شاکاری بێ وێنەی ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا، لە پێشەکیدا، دەربارەی ڕۆڵ و چارەنووسی ژیر، کە پڕ بایەخترین هێز و پێکهاتە و ئەندامی بوونی مرۆڤە، گوتوویەتی:

ژیری مرۆڤ لە جۆرە زانینێکیدا، چارەنووسێکی تایبەتی هەیە، بە پرسیارکردن باری سەر شانی قورس دەبێ، ناشتوانێ لێیان دەرباز ببێ، لەبەر ئەوەی لە سروشتی ژیر خۆیەوە کەوتوونەتەوە، کەچی ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە، چونکە سنووری هەموو تواناییەکی ژیر دەبەزێنن (کانت ١٩٧٦: پ VII بە ئەڵمانی) ئەو قسەیەی کانت ئەگەرچی هەردوو ڕەهەندی ڕەخنە و گومان لە خۆ دەگرێ، ژیر ڕەخنە لە توانایی چالاکییەکانی دەکرێ و هەر بەوەش ناوەستێ، بگرە سنووری ئەو تواناییەی دەبەزێنێ. گومانیش لە ڕۆڵی ژیر دەکرێ لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و گەیشتنە ئەنجامی خوازراو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕیارە فەلسەفییە

بوێرەی کانت لە خۆیدا چەند خاڵێک دەوروژێنێ، دەبێتە مایەی سەرئاوکەوتنی ڕەخنەکردن و گومان لەو بۆچوونەی ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی:

یەک: چۆن و پشت ئەستوور بە چ ئامرازێک کانت توانی بگاتە ئەو ئەنجامەی ڕەخنە لە ژیر بگرێ و گومان لە توانایی بڕکردنی بکات؟

دوو: دەکرێ ئامرازێک (ژیر) دوو ڕۆڵ بگێڕێ، جارێک ڕەخنەگر و جارێکی دیکە ڕەخنە لێگیراو بێ .

سێ: ئەگەر ڕەخنەکە دەری بخات کە ژیریش لە بەشێک لە چالاکییەکانیدا بێ توانایە، باشە ئەمە لە خۆیدا کێشە، گومانێک ناوروژێنێ؟

ئایا لە ژیر بەولاوە ئامرازێکی دیکە هەیە لە کارایییدا لە ئاستی ژیردابێ و بگاتە ئەو ئامانجەی کانت خواستوویەتی؟

چوار: ڕەخنەکردن لە خۆیدا وەک ڕەخنەکردن، شتێکە و وەک ئامرازی گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینە (بە مەبەستی توێژینەوەی ئەکادیمی) شتێکی دیکەیە و ڕەوایەتییەکەی لە خۆیدایە و دەرفەتی هیچ جۆرە ئەگەر و گومانێک نادات!

پێنج: ئەو ڕەخنەکردنە و ئەو گومانەی کە لە ڕەخنەکردنەکەدا بەرجەستە بووە، لە ژیانی ڕۆژانە و لە توێژینەوەی ئەکادیمی (فەلسەفەدا) ڕەوا و پەسندە. هەر لە سەردەمی کۆنی یۆنانەوە ڕەخنەکردن و جۆرێک لە گومانکردن بە گرنگ دانراوە و بایەخیان پێدراوە، بۆیە گوتراوە:

ئەوی ڕەخنە نەگرێ و گومان نەکات، نابینێ و ورد نابێتەوە و سەرنج نادات، ئەوی نەبینێ، بە نابینایی و لە تاریکیدا دەمێنێتەوە!

٢ — بەڵام کە دەگوترێ ڕەخنەکردن و گومان، قسە لە چی دەکرێ؟ ئایا ئەم دوو چەمکە — چالاکییە پرۆسەیە — ئامرازن، یان لە خۆیاندا ئامانجن و ئامانجێکی دیکە لە پشتیانەوە نییە؟ چەند جۆرە ڕەخنەکردن و گومان هەیە؟

ئایا ئەو ڕەخنە و گومانکردنە، چالاکییەکانی بیر و ژیری مرۆڤ دەگرنەوە: کتێب، ئایدیۆلۆجی، باوەڕ، دابونەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەوشی ئایین و ئابووریان پەل دەکێشنە نێو ئامرازی ڕەخنە و گومانکردنیش؟

– لای لەوە نییە کە لە ژیاندا، بەبێ جیاوازی کات و جێگە، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ بە نەزم و ڕێکوپێکی بیری کردووەتەوە و دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی خەتوخاڵیان داوە، بوونی بەهای ماف و ڕاستی (هەقیقەت) و چاکەکاریی و جوانی، سەربەخۆ لە هەست و ئارەزوو و خواست و بڕیاری تاکەکەسان و چین و توێژەکاندا، بە شێوازێک لە شێوازەکان بوونیان هەبووە و کارا و چالاک و دەستبەکار بوون، ڕاستە گومان لەوە ناکرێ کە هۆشیاری مرۆڤ، هەقیقەت و داد بوون و سروشتی هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی دیار و دەستنیشان دەکەن. ئەو بۆچوونە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە هەڵکەوتی لە ئارادابووی کۆمەڵایەتیش بە ئابوورییەوە لەلای خۆیانەوە بڕیار دەربارەی ڕەوشی لە ئارادابووی هۆشیاری مرۆڤ و بوونە ئابووری و ئایدیۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکەی دەدەن، ئەمەش تاڕادەیەکی بەرچاو پەیامی داهێنەرانەی ژیانی مرۆڤ و سەربەخۆیی ژیر و بیرو بڕیاردان و هەڵبژاردنی ئازاد پشتڕاست دەکاتەوە، ژیر و بیرکردنەوە تەنیا هەر کاردانەوەیان نییە، بەڵکوو بڕیاردەر و دەست پێشخەر و داهێنەر و ڕەنگڕێژەرن. ئەگەر بەهایەک لەگەڵ ڕەوشی ژیانی سەردەمدا نەگونجێ، یان نەزم و سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەپێی پێویست هیچی تر نەتوانن ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن و ڕابیپەڕێنن، ناکرێ گازندە بخرێتە پارسەنگیانەوە، چونکە مرۆڤ خۆی ئەو دەزگا و ڕێکخراوانەی داناوە و دایمەزراندوون، لێرەوە جارێکی دیکە دەرگای چوونە ناو دیوەخانی

پـان و بەرینـی ڕەخنەکـردن و گومـان کـردن والآ دەبێتـەوە.

٣ – ڕەخنـە و گومـان، بـەو پێیـە دەکرێـن بـە دوو جـۆرەوە:

یەک: ڕەخنەی بنیادنەر و ڕەخنەی تێکدەر.

دوو: گومانی میتۆدەیی و گومانی ڕەها.

ڕاستە لـە ئایینـە ئیبراهیمییەکانیشدا گوتـراوە: هەندێـک جـۆر لـە گومـان کـردن گوناحـە! بـەڵام نـەک گشـت جـۆرە گومانکردنێـک!

– ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە جـۆری یەکەمـی ڕەخنەگرتنـە، کـە خەسـڵەتی بنیادنانـی پـێ بەخشـراوە! دوور نییـە ڕەخنەیـەک لـەو بۆچوونـە بگیـرێ و بگوتـرێ ڕەخنـە کـە لـە خۆیـدا ئامـرازی هەڵسـەنگاندن و تاووتووکـردن و بڕیاردانـە وەک شـۆڕش، ئەرکی سـەرەکی هەڵوەشـاندنەوەیە، نەک سـەرلەنوێ بنیادنانـەوە، کاتێـک شـۆڕش نـەزم و دامـەزراوە لـە ئـارادا بووەکانـی هەڵوەشـاندەوە، ڕۆڵـی کۆتایـی دێـت و دەبـێ جێگـە بـۆ ئامرازێکـی دیکـە چـۆڵ بـکات کـە چووەتـە ژێـر بـاری بنیادنان و سـەرلەنوێ دامەزراندنـەوە.

ڕۆڵـی بنیادنەرانـەی ڕەخنەکـردن، دەکـرێ بـەوە پاسـاو بدرێتـەوە کـە سـەرنج بـۆ هـەردوو لایەنـی ئـارێ و کەموکوورپییـەکان ڕادەکێشـێ. ئـەو ئەرکـە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی لایەنـە باشـەکە پتـر پـەرەی پـێ بـدرێ و گەشـەی پـێ بکـرێ، لایەنەکـەی تـری کەموکوورپییەکانـی پـڕ بکرێنـەوە و لـە جێگەکەیـدا باشـتر دابنـرێ! ئیتـر ئـەو بابەتـەی کەموکوورپییەکانـی ڕەخنەکـرد، دەزگا و دامـەزراوەی سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، هـزری بـێ، یـان تێکسـتی نووسـراو، جارێکـی دیکـە بەهـۆی ئـەو ڕەخنەیـەوە پێداچوونـەوەی بـۆ دەکـرێ، ئیتـر ئـەو لایەنـە لـە سیاسـەت و تێکسـتە تۆمـار و نووسـراوەکاندا دەردەکـەوێ! لـە وڵاتـە دیموکراتییـە پێشکەوتووەکانی جیهانـدا (مەبەسـت ئەورووپـا و ئەمەریـکا و ئیسـرائیلە) بوونـی گـرووپ و پارتـی ڕکابـەری ڕەخنەگـر لـە سیاسـەتی ڕێژیمـی حوکمـڕان (فەرمانـڕەوا) دەبێتـە مایـەی دانانـی سیاسـەتێکی ڕێکوپێـک کـە بەشـداری لـە چوارچێـوە گشـتی و وردەکارییەکانـدا دەکات، لـە دانانـی نەخشـەی سـەردەم و دواڕۆژدا کـە دەسـتەبەری داد و دیموکراتـی و ئـازادی و یەکسـانی ببێ و لە ئاسـتی بەرپرسـیارێتی ڕەوشـی لـە ئارادابـووی هەڵکەوتـدا بێـت، ئیتـر ئـەو ڕەخنـە گرتنـە لـە پـاوان و کایـەی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، فەلسـەفەدا بـێ، ڕۆڵـی داهێنەرانـەی مـرۆڤ بـەرەو دواڕۆژێکـی چاوەڕوانکـراو کـە شایسـتەی ئـەوە بـێ مـرۆڤ شـانازی پێـوە بـکات، دەسـتەبەر دەبـێ، بێجگـە لـەوەی ڕۆڵێکـی کارا لـەوەدا دەگێـڕێ کـە دەرفەتـی قۆرخکردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی نـەدرێ و بنەماکانـی داد و دیموکراتـی و ئـازادی جێگیـر بکرێـن. دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵاتیش ئەنجامێکـە کـە لـەو ڕەوشـەوە دەکەوێتـەوە!

ئـازادی و دیموکراتـی و داد، بەبـێ ڕەخنەگرتنـی ئازادانـەی بنیادنەرانـە لـە کۆمەڵگـەدا، ئیتـر ئەمـە ئـازادی تـاک (لیبرالیـزم)، یـان ئـازادی بـە گشـتی مەبەسـت بـێ، وێنـا ناکرێـن و لـە کـردن نایـەن. هـەر لـە سـایەی ئـەو کەشـوهەوایەدا توانایـی داهێنەرانـەی ژێـر کارا و پەرەسـەندوو دەبـێ و زەمینـەی ژیانێکـی شایسـتە بـەوەی مـرۆڤ بـژی، ئەوجـا پـەرەسـەندنی کولتـوور و شارسـتانی دابیـن دەبێـت. بەبـێ بوونـی ئـازادی کـە لـە خۆیـدا ڕەخنەگرتـن لەخـۆ دەگـرێ، ناکـرێ قسـە لـە هیـچ جـۆرە پـەرەسـەندن و گەشـەکردن و کولتـووری پێشـکەوتنخواز بکرێـت. جیـاوازی ڕەوشـی ژیـان و کولتـوور و شارسـتانیەت و نەزمـی حوکمڕانـی لەنێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا، هەڵوێسـت لـە بەرانبـەر ئازادیـدا سـاغ و پشتڕاسـت دەکاتـەوە. فەلسـەفە لـە خۆیـدا نەمامێکـە هەمیشـە لەسـەر زەمینـە و لـە کەشـوهەوای ئازادیـدا شـین دەبـێ و گەشـە دەکات و دەگاتـە ئەنجـام.

٤ — ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە خۆیدا چالاکییەکە بەهرە و توانایی ژیر بەرجەستە دەکات، لەوەدا بلیمەتی و داهێنانە کە توانایی جیاکردنەوەی ڕاستودروست لە ناڕاست و چەوت و کەلەبەر جیادەکاتەوە. ئەو چالاکییەی کە لە پاوان و گۆڕەپانی چالاکی هزر — ژیردا کارایە، هەردوو ڕەهەندی ڕەند و گەند، سەرکەوتوویی و ساتمە و شکست هێنان و لاوازی کەرەستەی ڕەخنە کراو دەرخات، بێگومان پشت ئەستوور بەو پێوەرانەی لەگەڵ سروشتی بابەتەکەدا دێنەوە، دەگونجێن. هەندێ جار دەبیسترێ کە گوایە ڕەخنەگر بە پێی بابەتەکە ئەدیبێک، فەیلەسووفێک، سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو نەبووە و یەخەی ڕەخنەکردنی گرتووە!

– لە فەلسەفەدا سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ لەسەردەمی کۆنی یۆنانەوە بە ڕابەری ڕەخنەی بنیادنەر دەژمێردرێن. ئەو ڕەخنەیەی غەزالی لە فەلسەفە و فەیلەسووفە موسڵمانەکانی گرتووە (ئەگەر بشێ وشەی ڕەخنەی بۆ بەکاربەرێ) هیچ جۆرە بنیادنانێکی تێدا بەدی ناکرێ. بێجگە لەوەی کۆششەکەی بە هیچ بنەمایەکی ژیر و لۆجیک و توێژینەوەی ڕێکوپێک پشت ئەستوور نییە، هێرشێکی بێ بەزەییانەی بردووەتە سەر ژیر و هزرمەند و فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە. کتێبی ڕمانی فەیلەسووفەکان، ڕاستی ئەو قسەیە دووپات دەکاتەوە.

هیگڵ لە دوای کۆچی دواییەکەی ساڵی (١٨٣١ز) دووچاری ئەو جۆرە ڕەخنە گرتنە ناڕەوایە بووەتەوە، بە تایبەتی لەلایەن شۆپنهاوەر و (لۆدڤیگ فۆیەرباخ)ـەوە، یەکەمیان بە هیچ جۆرێک داهێنانەکەی فەلسەفەی هیگڵی نەدیوە و هەستی پێ نەکردووە. (فۆیەر باخ)یش لە ڕماندن و تێکدان و شێواندنی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی هیگڵ بەولاوە هیچی تری بە ئەرکی خۆی نەزانیوە، چاکی و بەدی، باش و خراپی بەسەریەکدا ڕماندووە، سەیریش ئەوەیە لە پەلاماردان زێتر بەولاوە تاکە قسەیەکی خۆشی بۆ هیگڵ نەکردووە.

٥ — مێژووی فەلسەفە هەر لە (تالیس)ـەوە کە بە فەلسەفە دەستی پێ کردووە تا ئەم سەردەمە کە فەلسەفە لەبەردەم ئالینگارییەکی بێ وێنەی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژجیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوە دەردەخات کە فەلسەفە وەک چالاکییەکی هزریی ژیری و بەشێکی گرینگی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، لە چ سەردەم و جێگەیەکدا داد و دیموکراتی و ئازادی هەبووبێ، گەشەی کردووە، لە چالاکییەکانیدا کە بەپێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی مێژوو و کۆمەڵگە ڕەنگی جیهاندیدی هەمەڕەنگ و بەپێزی تابلۆ ئاسای هونەرمەند، ڕەنگی ڕشتووە و لە دوو بەرەدا کارابووە:

یەک: ووروژاندنی پرسیار و داڕشتنەوەی لە چوارچێوەی نەخشەیەکی هزریدا کە پێویست بە تاووتوو و یەکلاییکردنەوە دەکات، بە ئەرکی خۆی زانیوە و بێ ئەگەر و چەند و چۆن چووەتە ژێر باریەوە.

دوو: ڕەخنە و ڕەخنەگرتنی بنیادنەرانە لە فەلسەفە، ڕەهەندێکی مێژوویی هەبووە و هەیەتی. بە پێی گۆڕانی قۆناغەکانی مێژوو، کۆشاوە بوونی کردەکیی لە کێشە هزرییەکاندا هەبێ، بەپێی پێشهاتە و دیاردە کولتووریییەکان، سەرەڕای دیاریکردنی هەڵوێستی بیری ژیری، پەنای بۆ ڕەخنەکردنی دیاردە نالەبارەکان بردووە، ڕەخنەیەک کە بۆ پیادەکردنی مەبەست و ئامانجەکانی ڕەنگی وێنەیەکی چاکتر و گونجاوتر لەوەی ڕەخنەکراوە، ڕەنگی ڕشتووە و پێشکەشی کردووە.

– ئیدمۆند هۆسەرل بیرکار و فەیلەسووف لە سەدەی بیستدا ڕەخنەیەکی ئاڕیی لە فەلسەفە و زانستی سەردەمی خۆی گرتووە. هەوڵی داوە لە ڕوانگەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجییەوە ساغی بکاتەوە کە زانست و تەکنۆلۆجیا ڕاستە

شۆرشئاسا پەرەیان سەندووە، ئەنجامەکانیان سەرتاپای کۆمەڵگەی گرتووەتەوە، بەڵام، جێگەی داخە بە تەواوەتی لە کێشە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە گشت واتا و دەلالەتی خۆیان لە دەست داوە.

لەلایەکی ترەوە هەوڵدان بۆ ئەوەی فەلسەفە ببێ بە زانستێکی ورد و ڕێکوپێک، لە خەون بەولاوە نییە.

– گومان لەوەدا نییە کە فەلسەفە و زانست دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتەکانی کولتوور و شارستانین. بەپێی پێداویستی قۆناغی پەرەسەندنی مێژوو پرسیار و کێشە و چالاکییەکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەوەی هۆسەرل وەک گازندە خستوویەتییە پارسەنگی زانست و تەکنۆلۆجییەوە، دیدێکی بەرتەنگ و تەسکە. زانست هیچ کاتێک، وەک ئەوەی هۆسەرل داوای کردووە، پێوەندی پاستەوخۆی بە پرسیاری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی تاکەوە نەبووە، ئەوجا ئەو پێشکەوتنەی سەردەم کە جیهان بووە بە گوندێکی بچکۆلە و ئەو دەسکەوتانەی دراونەتە دەست، گشتیان بە سایەی کۆششی زاناکان و زانینەوە بووە، ئەنجامە سەرتاپاگیرەکانی تەکنۆلۆجیا سنووری هەموو چاوەڕوانکردنەکانیانی تێپەڕاندووە. هیچ بابەتێکیش لە ژیاندا بەدی ناکرێ کە هەر لایەنی باشی و ئاڕێی هەبێ، ئەمەش زانست و فەلسەفە دەگرێتەوە!

هۆسەرل کە ڕەخنەی لە فەلسەفە گرتووە، لە بەرانبەردا بۆچوونی خۆی پێشکەش کردووە؛ ئەمەش وادەگەیەنی کە ڕەخنەکە تەنیا هەر لە پێناوی ڕەخنەکردندا نەبووە: هۆسەرل گوتوویەتی:

ئەگەر بویستڕێ فەلسەفە توانایی هەبێ بچێتە ژێرباری ئۆباڵکێشان (بەرپرسیاریەتی) و لە ئاستی پرسیار و کێشەکانی مرۆڤدا چالاکی هەبێ و لە کاروانی هەمیشە بەرەوپێش چووی ژیان و مێژوو دوانەکەوێ، پێویستە بە جۆرێک لە ئیپۆخێ (خۆبواردن لە بڕیاردان) بە گومانی ڕیشەیی دەست پێ بکات، گشت بیروبۆچوونە باوەڕ پێکراوەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە و لە بڕیاردان (حوکم)دا پەناشیان بۆ نەبات، هیچ هەڵوێستێک دەربارەی شایستەیی و ناشایستەیی نەنوێنێ. پێویستە لەسەر گشت فەیلەسووفێک هەر نەبێ جارێک لە ژیانیدا ئەمە پەیڕەو بکات. ئەگەر تا ئێستا ئەمەی نەکردبێ، پێویستە ئێستا ئەمە بکات، ئەگەر بیەوێ ڕەنگی فەلسەفە تایبەتییەکەی بڕێژێ: هۆسەرل: ١٩٩٦، ل٨٣، بە ئەڵمانی.)

ئەگەرچی هۆسەرل لەو تێکستەدا قسە لە گومانی فێنۆمێنۆلۆجی (ئیپۆخی) دەکات و سوودی لە دیکارت وەرگرتووە، بەڵام ئەو گومانە بە تەواوەتی لە هیی دیکارت جیاوازە، چونکە هوسەرل گومانی دیکارت بە فۆرمێکی سەرەتایی ئەو گومانە دادەنێ، ئەوەی دیکارت بێجگە لە زانستەکان، بنەماکانی ژیانی ڕۆژانەش دەگرێتەوە.

٦ — گومان لە فەلسەفەدا ئامرازێکی ڕەوای چالاکی و هزر و توێژینەوەیە، بەڵام لە خۆیدا دوو جۆری هەیە:

یەک: گومانی میتۆدەیی: کە مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە و ڕێگە بۆ پێگەیشتنی خۆش دەکات. دیارترین نموونە لە فەلسەفەی نوێدا دیکارتە.. ئەو گومانە گەیاندوویەتی بەو قۆناغەی بوونی خودی خۆی وەک گومانکار ساغ بکاتەوە و ئەو بوونە ساغکراوەشی کردووەتەوە بە بنەما بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ڕەب و سروشت!

دوو: گومانی ڕەها: لە سەردەمی کۆندا (پیرۆن) بە ڕابەری ئەو گومانە دانراوە و گومانی لە هەموو شتێک کردووە بەبێ ئەوەی مەبەستێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی هەبووبێ و کۆششی پێگەیشتنی کردبێ. بەپێی سەرچاوەکان

لـه گومانەکەیـدا سـنووری شـت نەزانینەکـەی سـوکراتی بەزانـدووە و گوتوویەتـی: تەنانـەت مـن نازانـم ئایـا (هیـچ شـتێک دەزانـم، یـان نـا)؟ لـەوەش دڵنیـا نیـم کـە نازانـم! دەکـرێ گومانەکەی (ئەبـوو حامیـدی غەزالـی)ش بەجـۆرە ڕەهاییـەک دابنـرێ، بەتایبەتـی لـە نامیلکـەی (ئەلمونقـذ) دا کـە هەسـت و نەسـتی خـۆی دەربڕیـوە چـۆن بـاوەڕی بـە هیـچ شـتێک نەمـاوە! گومانـی ئـەو ڕابـەرە سـەلەفییە هیـچ بنەمایەکـی لۆجیکـی ژیـری نییـە، بەڵکـوو لـە خانـەی (شـک و یەقینـدا) گیری خـواردووە و خـۆی بـە دەسـتەوە داوە، هەرچـی بـڕوا و بـاوەر بـووە نەیمـاوە، گوایـە پاڕاوەتـەوە بۆ ئـەوەی لـەو ڕەوشـە (دۆخـە) دەربـاز ببـێ، گوایـە بـە خواسـتی ڕەببانـی، جارێکـی دیکـە بـاوەڕ و بـڕوای بـۆ هاتوونەتـەوە، ئەویـش (بـە تیشـکێک کـە خـوا خسـتوویەتییە ناخـی دەروونییـەوە).

ئـەو جـۆرە گومانـە بـە هیـچ شـێوازێک ناخرێتـە خانـەی هـزر و فەلسـەفەوە، گومـان لـەوەش دەکـرێ کـە دەسـتکردبێ و لەبـەر مەبەسـتێکی کـە لـە دڵیـدا بـووە، خـۆی دروسـتی کردبـێ.

– فەلسـەفە هـەر لـە سـەرەتای پەیدابوونییـەوە بنەمایەکی بنەڕەتی کولتوور و شارسـتانیەت بووە، بـەڵام ئـەوەی لێرەدا جـۆرە گومانێـک دەوروژێنـێ: ئـەوەی فەیلەسـووف بـە بیرکردنـەوەی پەتـی (ڕووت – ئەبسـتراکت) و وردبوونەوە پێی دەگات، لەگـەڵ کێشـەکانی ژیانـی سـەردەمی شۆڕشـی تەکنۆلۆجیـا و سـیکۆلار (عەولەمـەدا) دێتـەوە؟ ئەگـەر فەلسـەفە ڕۆڵـی نەمێنـێ، یـان لەژێـر هـەر نـاو و دروشـمێکدا پاشەکشـەی پـێ بکـرێ: بـوون، ژیـان، جیهـان بایـەخ و واتـا و دەلالەتیـان دەمێنـێ، یـان لـە دەسـتیان دەدا و شـێوازی ژیانـی ڕۆبۆتـەر ئاغایەتـی دەکات؟

– تیـۆری زانیـن (چـۆن ئـەو شـتانەمان زانیـوە کـە دەیانزانیـن) لـە گومانـدا پشـکی شـێری بەرکەوتـووە و بەردەکـەوێ! ئـەو دۆخـە دەکـرێ لـەو پرسـیارەدا بەرجەسـتە ببـێ:

مـرۆڤ پێنـج هەسـتی هەیـە، شـت دەبینـێ، دەبیسـتێ، چێـژ لـە شـت وەردەگـرێ، هەسـت بـە شـت دەکات (تێبینـی کـردن) و بـە دەسـت لێـدان هەسـت بـە بوونـی شـت دەکات. پرسـیارە گومانەکـە ئەمەیـە:

ئایـا دەکـرێ مـرۆڤ شـت بزانـێ؟ یـان هـەر دیـاردەکان پەیـان پـێ دەبـرێ؟ ئەگـەر زانسـت شـت زانیـن بـە پاوانـی خـۆی دابنـێ و کۆششـی بێبەشـکردنی فەلسـەفە لـەو کایەیـەدا بـدات، ئەگـەر گومـان بخرێتـە لاوە چ دەرگایـەک لەبـەردەم فەلسـەفەدا بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە؟ دەکـرێ جارێکـی تـر فەلسـەفە دڕی دەسـەڵاتی زەبروزەنـگ و سـەرتاپاگیری تەکنۆلۆجـی و زانسـت کـە (ڕۆبۆتەریـان) داهێنـاوە و هەڕەشـە لە چارەنووسـی مـرۆڤ دەکات، پەنـا بـۆ ئایین بـەرێ؟ ئەو کێشـەیە لـەو نێوەنـدەدا چـۆن پاسـاو دەدرێتـەوە:

فەلسـەفە، ژیـان پابەنـدی ژیـر دەکات، کەچـی ئایین بەوپـەڕی هێـز و توانایـەوە ژیانـی ئێسـتای مـرۆڤ، ملکەچـی چارەنووسـێکی نادیـاری دواڕۆژێکی نەهاتـووی (دوای مـردن) دەکات؟ دوور نییـە ئـەو پرسـیارە بـەوە لێـک بدرێتـەوە کـە (مـرۆڤ لـە گـورگ ڕزگاری ببـێ و بەسـەر بـەرازدا) بکـەوێ، بـەڵام بـە هـەر جۆرێـک بابەتەکـە هەڵبسـەنگێنرێ و ئـەم لاو ئـەو لای پـێ بکـرێ، لـەو کایەیـەدا نـە گـورگ و نـە بـەراز هەیـە، خـۆ کـورد گوتەنـی: کردەی پەشـێمان چاکتـرە لـە نەکردەی پەشـێمان! سـەرلەنوێ گومـان لـە پەنجـەرەوە دێتـە ژوورەوە. فەلسـەفە کـە لـە ژیـردا خـۆی دەبینێتـەوە کۆششـی مرۆڤـە و خـۆی پـەردە لەسـەر شـت لادەدات و پـەی پـێ دەبـات، بـەڵام ئایین لـە سـەرچاوەیەکی نامـۆوە شـت دەهێنـێ و ڕایدەگەیەنـێ! بێجگـە لـەوەی سروشـتێکی ترانسـندێنتی دوور لـە توانایی مرۆڤـی پـێ دەبەخشـێ. ئەگـەر کۆششـی ژیرەکـی فەلسـەفە بـەڵای مرۆڤـەوە ئاسـایی بـێ، چونکـە

نزیکترین شته لە خۆیەوە و هیچ جۆرە هەستێکی بیانی و نامۆیی لە بارەیەوە شک نابات، بەڵام ئەوی دیکەیان کە جۆرە سەپاندنێکی تێدایە و بە تۆبزی نەبێ، لەگەڵ هەست و سۆز و هۆشی مرۆڤدا نایەتەوە و تەبا نابێ، کاردانەوەیەکی پاساو نەدراوی لەلا سەرهەڵدەدات کە لە گومان کردن لە توانایی ژیر بۆ گەیشتنە ڕاستەقینە (هەقیقەت) و دەستەوسانی لەبەردەم کێشەکانی ژیاندا بەرجەستە دەکات، ئەمەش مایەی ئەوەبوو جۆرە گومانێک کە لە دوو قۆناغی پەرەسەندنی فەلسەفەدا سەرئاوکەوتووە و ناچێتە خانەی گومانی میتۆدەیی و گومانی ڕەهاوە.

ئەو گومانە بووە کە کڵێسەی ئایینی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕابەرانی زانست و تەکنۆلۆجیا لە دوای سەدەی حەڤدەوە تا ئەم سەردەمە لە بوون و سوود و ڕەوایی فەلسەفە کردووپانە، ئیتر فەلسەفە ماوەیەک لە هەردوو قۆناغدا تووشی جۆرە سڕکردنێک بووە، بەڵام وردە وردە خۆی گرتووەتەوە و دەستپێشخەرییەکەی ئەم سەرهەڵدانەوەیە پتر لەلای ڕابەرانی کڵێسەی مەسیحییەوە بووە، بۆ ئەوەی فەلسەفە بکەن بە پاشکۆی ئایین و بۆ پشتگیری و جێگیرکردنی بنەما و ڕێنماییەکانی کڵێسە سوودی لێ وەربگرن، فەلسەفەش چالاکانە لەو دەروازەیەوە لە تەنگژەکەی هاتووەتە دەرێ و دەست بەکاربووەتەوە.

ڕاستە لەو گورگەی هەیاسی خاس دەربازی بووە، بەڵام دواتر بەسەر بەرازی زانست و تەکنۆلۆجیادا کەوتووەتەوە. ئەم جارەیان، بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی هیگڵ (١٨٣١ز) فەلسەفە دووچاری هەرەسهێنان و داڕمان بووە، تەنانەت لە زانکۆکانی ئەڵمانیا پشت کراوەتە بابەتی فەلسەفە و بە دەگمەن نەبێ — ئەو سەردەمە — بەرهەمێکی چاپکراوی فەلسەفە نەدیتراوە! پاش ماوەیەک بە دەستپێشخەری هێرمان فۆن هیلمهۆلتز و مامۆستای فەلسەفە ئیدوارد تسیلەر جارێکی دیکە خۆین بە بەر شادەماری ژیانی فەلسەفەدا کرایەوە. ئەو کۆششە دوو ڕەهەندی هەبووە:

یەک: بەزاندنی سنووری جیهاندیدی فەلسەفەی هیگڵ و گەڕانەوە بۆ سەر فەلسەفەی کانت.

دوو: دەستبەرداربوونی هەندێک لقی فەلسەفە و بایەخدان بە تیۆری زانین و لۆجیک. (تسیلەر: ١٨٦٢، ل٤٩، بە ئەڵمانی).

ئەو کەشوهەوایەی تێیدا سەرلەنوێ فەلسەفە لە ساتمەکەی هەستاوەتەوە، لەژێر هەژموونی شۆڕشێ زانستیدابووە، بۆیە هەڕەشەکانی زانست لە فەلسەفە کاڵ نەبوونەتەوە، ئیتر لە هەردوو قۆناغدا فەلسەفە وەنەبێ هەر زیانی بەرکەوتبێ، بەڵکوو تاڕادەیەک لە میتۆدە و ناوەڕۆکدا وەک ئەزموون و تاقیکردنەوە سوودمەند بووە. لاهووتی مەسیحی سەرچاوەیەکی گرنگی چەمک و ناوەڕۆک و بابەتەکانی ئەو سەردەمەی فەلسەفە بووە. ڕاستە فەلسەفە لەو قۆناغەدا ناچار بووە لە کەلی شەیتان بێتە خوارێ و دەستبەرداری هەندێک لە داواکارییەکانی بووبێ، بەڵام ئاسۆیەکی تری لە ڕوخسار و ناوەڕۆک جیاواز لەبەردەمیدا فراوانتر بووە.

لە قۆناغەکەی تریدا، هێرشێکی توناکار براوەتە سەر میتافیزیک و لاهووت و ئاراستە ئایدیالیستەکانی فەلسەفە، بەڵام فەلسەفە ناچار بووە پەنا بۆ میتۆدی زانستی توێژینەوە بەرێ و پتر بایەخ بە پەرەپێدانی لۆجیک و تیۆری زانین بدرێ. لەو ڕەوشەوە تیۆری زانستی، زانستییانە و لۆجیکی بیرکاری و فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی زانستی پەیدابوون و جێگیرکراون، بەڵام ئەو پرسیارە هەر گەرموگوڕی خۆی لە دەست نەداوە! لەسەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆجیادا دەکرێ چاوەڕێی چی لە فەلسەفە بکرێت؟ دەکرێ لەو ڕەوشەدا ئەو ڕەوشەی فەلسەفە وێنا بکرێت: کە لەمەولا چالاکی

فەلسەفە و فەیلەسووف تەنیا لەو کۆششەدا کورت و چڕ دەکرێتەوە کە مێژووی فەلسەفە و ڕێبازە فەلسەفەییە هەمەجۆرەکان کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە پەرەیان پێ دراوە، بکرێن بە کەرەستەی تۆڕینەوە و لێکۆڵینەوە و تاووتووکردن؟!

پشت ئەستوور بەو بەڵگە و داتا و بنەمایانەی لەبەردەستدان، ناکرێ ئەو پرسیارە وەڵامەکەی ناکردن بێت، بەڵام بە تەواوەتیش (ئاکردن) نابێ! دەکرێ ئەو لایەنە پشکێک بێت لە چالاکیی فەلسەفە و فەیلەسووف، بەڵام چەندان بابەت و لایەنی دیکە هەن کە نە ئایین و نە زانست پێوەندی بە بوون و ژیان و گوزەرانی مرۆڤی ئەم سەرزەمینەوە هەیە کە ناکرێ فەلسەفە دەستبەرداریان بێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی فەلسەفە بوون. لەلایەکی دیکەوە ئەو نەزمەی ئایین بۆ ڕەنگڕشتن و دابینکردنی هاتووە و ئەو جیهاندیدەی زانست کۆششی بۆ دەکات و بە وێنەی جیهان ناودەبرێ، بە هیچ جۆرێک ناتوانن جێگەی فەلسەفە بگرنەوە، چونکە فەلسەفە میتۆد و ڕێباز و کەرەستە و پاوانی چالاکی تایبەتی خۆی هەیە. ملکەچی و بوون بە پاشکۆی بەلای فەلسەفەوە جیایە لە کۆمەک و هاوکاری و پێکەوە کارکردن. ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی ئەورووپادا، سزا و ئازاردان و سووتاندن هەبووبێ، زانست ئەمانەی لە هەگبەکەیدا نییە، ئیتر بڕوای پێ بهێنی، یان نا! زانست کەسی بە ئاگر نەسووتاندووە و دادگەی پشکنینی بەدناوی کڵێسەی نییە و نەبووە، نە گومڕاکردنیش لە فەرهەنگیدا هەیە، هیچ کاتێکیش مزگێنی ژیانێکی بەختیاری ئەو دنیاتر (دوای مردن) بە کەس نادات.

– وەنەبێ پێوەندی فەلسەفە و سیاسەت بە درێژایی مێژوو باشتر بووبێ. سیاسەتمەداران ئەو گازندەیەیان خستووەتە پارسەنگ فەلسەفەوە، گوایە لە قسە بەولاوە هیچ هەڵوێستێکی نییە و تەنیا هەر شت شرۆڤە دەکات و لێک دەداتەوە. (مارکس: ٢٠١٦، ل٧٥٦) ئەو جۆرە ڕەخنە و گومانکردنە لە ڕۆڵی فەلسەفەوە هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە نەچووەتە ژێربارى شت گۆڕینەوە، ئەگەر ئەو کارە بکات، هیچی تر فەلسەفە نامێنێ. گۆڕین ئەرکی سیاسەت و سیاسەتمەدارانە. فەیلەسووف ناتوانێ داکۆکی لە مەبەست و سوود و قازانجی تایبەتی سیاسەتمەدار و نەزمی سیاسی بکات، بەڵام دەکرێ ڕەخنەگر بێ بەو واتایەی هەردوو ڕەهەندی نەزمەکە (بە باشی و بە کەموکووڕی و ناتەواوییەوە) تیشکیان بخاتە سەر و ڕوونیان بکاتەوە. فەلسەفە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی نییە، فەیلەسووف تاکێکی بەهرەمەندە.

سەرچاوە و پەراوێز:

1 - Immanuel Kant: kritik der reinen Vernunft. Hamburg, Meiner 1976.

2 - Edmund Hussel: Die Krisis der europaeschen Wissenschaften und die tran endentale Phaenomeno Logie. Meiner Hamburg 1996.

3 - Eduard Zeller: Ueber die Bedeutung und Aufgabe der Erkenntnistheorie. Leipzig 1862.

٤ – ماركس – انجلز: الأيديولوجية الالمانية، بيروت، ٢٠١٦.